## شەم و شەمچە*

سەرئەنجام ئەو رۆژە داهات کە شەمچە بە شەمی گوت: " راسپێردراوم داتگیرسێنم."
شەم راچڵەکی و گۆتی:" ئاخ نا ئەوەم لەگەڵ مەکە. ئەگەر بایسێم تێدادەچم و ئیتر کەس بە جوانیمدا هەڵناڵێ."
شەمچە لێی پرسی: " ئەی دەتەوێ دوور لەوەی تا ئێستا ژیاوی هەموو ژیانت بە سارد و سڕی تێپەر کەی؟"
شەم بە سرتە و ڕاڕایی و ترسەوەگوتی:" بەڵام سوتان بە ئازارە و هێزم تونا دەکا.
شەمچە پێی گوت: " ئەوە وایە."بەڵام ئەوە رەمزی کردەوەمانە، ئێمە پێمان سپێردراوە ببین بە نور. ئەوە کەمترین شتێکە و دەتوانم بیکەم. من ئەگەر نەتوانم داتگیرسێنم، ژینم مانای نابێ. بۆیە لێرەم ئاگر بکەمەوە. تۆی شەم، دەبێ گەرما و روناکاییت بە خەلک خەڵات بکەی. هەموو ئازار و دەردێک کە بیکێشی و هێزێک کە تۆ دەیدەی ئاڵوگۆڕی بەسەردادێ و دەبێتەنور. کاتێک دەتوێیەوە نەدۆڕاوی. تۆ هیچ لەدەست نادەی. کەسانی دی گەرماکەی تۆ ڕادەگوێزن. تۆ کە نەتوانی خۆت بەخت کەی مردوی..."
شەم لەو کاتەدا زمانۆکەی قیت کردەوەو متمانە بە خۆ کەوتە قسە:" تکا دەکەم دامگیرسێنە..."
بردبێتمەوە یان دۆڕاو بم دامگیرسێنە!
ئەوەی سەرکەوتوە هەمو کاتێ بەشێکی وەلامە.
دۆڕاو بەردەوام بەشێکی گیروگرفتە.
سەرکەوتو بەردەوام خاوەن پلانە.
دۆڕاو هەرگیز بیانوی نابڕێ.
سەرکەوتو دەلێ: " رێگام بدە ئەو کارەت بۆ ئەنجام بدەم.
دۆڕاو دەلێ :" ئەوە ئەرکی من نییە.'
سەرکەوتوو بۆ هەموو گرفتێک رێگە چارەیەک دەدۆزێتەوە.
دۆڕاو لە هەر وەلامێکدا گرفتێک دەبینێ."
سەرکەوتوو هێزوتوانای خۆی لەگەڵ ئامانجەکانی هەڵدەسەنگێنێ.
دۆڕاو توانای خۆی لەگەڵ خەڵکی دیکە هەڵدەسەنگێنێ.
سەرکەوتو لە مەر کارەکەی خۆی هەست بە بەرپرسایەتی دەکا.
دۆڕاو دەڵێ: " من تەنیا لێرە کاردەکەم."
کاتێ سەرکەوتو هەڵەیەک دەکا، وەئەستۆی دەگرێ.
دۆڕاو دەڵی:" ئەوە هەڵەی من نییە."
سەرکەوتو دەڵی: " ئەوە دژوارە ، بەڵام دەلوێ."
دۆڕاو دەڵێ:" ئەوە دەلوێ، بەڵام ئەوە زۆر دژوارە."
شەم : مۆم ف: شمع
شەمچە: شقارتە، ، کمریت، گۆگرد، ف: کبریت

نووسەر : نەناسراو
وەرگێردراو لە ئاڵمانییەوە
وەرگێڕ: ح. ئەیوب زادە

www.rojhalat.de